# ڕێکەوتنی دەستوریی لایەنەکانی ناو ئێراق لەبەر ڕۆشنایی تیۆریەکەی ڕاوڵس دا

**شاخەوان شۆڕش**
6.12.2006

لایەنەکانی بەشدار لە دروستکردنەوەی ئێراق هەموویان بانگاشەی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە و ئازادانەی خۆیان لە پرۆسەی بەناو "دیموکراتیزەکردن" و دروستکردنەوەی ئێراقدا دەکەن. لەسەرەتاوە لای شیعە و کورد ئاوازی گەشبینی و گوتنی هیوائامێز دەگوترێن، هەرچی سوننەیە لە ئاوازێکی نەرێنی دژ بە پرۆسەکەیان خوێندوە و دەخوێنن. هەرچۆنی بێت ئەوانەی لە سەرەتاوە بەشداری پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراقیان کرد، بریتی بوون لە پێکهاتە سەرەکیەکانی ناو ئێراق. دیارە گەلێ لەوانەی بەشدار بوون نوێنەری ڕاستەقینەی گروپەکان نەبوون و خەڵکێک بوون ساڵانێکی زۆر دوورەوڵات بوون، یا دەکرێ بەرامبەر نوێنەرایەتیان لە ڕوانگەی دیکەوە پرسیاریان بۆ دابندرێت.
وەکو دەیبینین بارودۆخی کێشەئامێز و بێسەروبەری ناو ئێراق و کوشتاری کوێرانەی ڕۆژانەی ناوەڕاستی ئێراق و شارە تێکەڵەکان، پرسیاری گەورە بەرامبەر بە ڕێکەوتنەکە دادەنێن و بوونی ئازادی و ئارەزوومەندی ڕێکەوتنەکە لەبنی ڕەتدەکەنەوە. دیارە گەلێک گوترا ئەو ڕێکەوتنە ئارەزوومەندانە نییە، ئەو ڕێگایە دروست نییە و کارەساتی بەدواوەیە، ئەوە لە ئاستی داخوازی گەلانی ناو ئێراقدا نییە، بەڵام ئەوان وەکو هەمیشە ئەوەیان کرد کە خۆیان پێیان باش بوو.

ئەگەر سەیری ڕێکەوتنەکە بکەین، بەجۆرێ لە جۆرەکان لایەنە سەرەکیەکانی ناو ئێراق بەگوێرەی قورسایی خۆیان شتێکیان لە دەستوردا بۆ نوسراوە. ئەگەر هەر لەسەر ئەو بنچینەیە سەیرێکی بابەتیانەی ئەو پرسە بکەین و بپرسین، ئایا ئەو ڕێکەوتنەی نێوان گروپە ئێراقیەکان ڕێکەوتنێکی دەستوریی هەمەلایەنەی گونجاوە؟ بۆ باشتر تێگەیشتنی ڕێکەوتنی بەرفراوانی ئارەزوومەندانەی هۆشمەندانە ئاماژەیەکی کورت بە تیۆریەکەی جۆن ڕاوڵس John Rawls باشە بەکەین. پێویستە بگوترێت، تیۆریەکەی ڕاوڵس بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێگەیشتوو هاتووە، ئەوەی لێرەدا کراوە تەنها بەمەبەستی پەیداکردنی تێگەیشتنێکە بۆ کێشەکانی ڕێکەوتنەکەی نێوان گروپە ناسیونال و ئەتنییەکانی ناو ئێراق.

جۆن ڕاوڵس کە شارەزایەکی بەناوبانگی تیۆری مەڕ ڕێکەوتنی بەرفراوانی (یا هەمەلایەنەیەی) هۆشمەندانەیە. ڕێکەوتن لە نێوان کۆمەڵێک بەرژەوەندی جیاوازدا، ئەوجا چ لە ناو گروپە ناسیونال و ئەتنیەکانی وڵاتدا یا لە نێوان وڵاتاندا. دەکرێ لێرەدا سوود لە بۆچوون و تیۆریەکەی ڕاوڵس وەربگیرێت و پێکچواندنێکی بابەتیانە لەم ڕوانگەیەوە بۆ ڕێکەوتنە دەستورییەکەی ئێراق بکەین.
تیۆری ڕێکەوتنی بەرفراوانی هۆشمەندانەی ڕاوڵس سەرنج دەداتە ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا دۆکترین،[1] ئایدۆلۆژیا، دۆکترینی ئایینی و نائایینی بەرفراوان بوونیان هەیە کە ئەوانە لە میانەی گفتوگۆ و دانوستانی هۆشمەندانە و ڕاشیونالدا دەگەنە ڕێکەوتن و ئەنجامەکی بێلایەن و هۆشمەندانە. بەمجۆرە ئەوانە واتە لایەنە ڕێکەوتووەکان پشتگیری کۆنسێپتەکی (تێگەیشتنەکی) ڕەوا کە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دەستوریدا بنچینەی گرتووە دەکەن. لێرەدا مەبەست کۆمەڵگەیەکە کە تیایدا پرەنسیپە دیموکراسیەکان، ئایدیالەکان و ستانداردەکان دەتوانن لە ئاستی داخوازیەکانی هەموولایەکدا بن. لە کۆمەڵگەیەکدا دۆکترینەکی بەرفراوان زاڵ ناکرێتە سەر ئەوانی دیکە یا قورسایی زیاتری پێنادرێت. لە کۆمەڵگەیەکدا هەموو هاونیشتمانیان یەکسانن و وکو یەک خاوەنی ئازادی بنچینەیین کە ئەوە ئازادی ئایینیش دەگرێتەوە.[2] ڕاوڵس پێیوایە پلورالیزمی هۆشمەندانە بنچینەی دیموکراسیيە. فرەیی و پلورالیزم کە پێکهاتووە لە دۆکترین و بیروباوەڕی هۆشمەندانەی بەرفراوانی دژبەیەک، ئایین، هزری فەیلەسوفیانە و مۆراڵی، ئەوە دەرهاویشتەیەکی سروشتی دامەزراوە ئازادەکانی کۆمەڵگەن.[3]

ئەو ڕێکەوتنەی کە لە دەستورە کاتیەکە و پاشان دەستورە هەمیشەییەکەدا دەرکەوت، بێگومان ڕێکەوتنێکە لە نێوان گروپە خاوەن ئایدیال، ئایین و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان کە بیروبۆچوونی دژبەیەکیان هەیە. بەڵام ئەو ڕێکەوتنە، ڕێکەوتنێکە لە ئەنجامی بەشداریەکی چالاکانە و کاریگەرانەی لایەنێکی دەرەکی کە ئەمەریکایە هاتۆتەدی. لەژێر گوشار، چاودێری و یارمەتی ئەمەریکادا، ئەو گروپانە توانیان بگەنە ڕێکەوتنێک.

ئەگەر سەیری ئەو ڕێکەوتنە و تیۆریەکەی ڕاوڵس لەمەڕ ڕێکەوتنەوە بکەین، سەیردەکەین ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵێ کێشەی هەیە. ئەو کێشانەی دیارن:

یەکەم: ئەو ڕێکەوتنە ڕێکەوتنەکی بەرفراوانی بێلایەنی هۆشمەندانە نییە، لە کاتێکدا دۆکترینەکی ئایینی زاڵ کە ئایین و ئایدۆلۆژیای ئیسلامە، بەسەر ئەوانەی دیکەدا زاڵ دەکرێت و بەرزدەکرێتەوە.

دووەم: کۆمەڵگەی ئێراقی (ئەگەر وەکو کۆمەڵگە سەیری بکەین) زۆر دوورە لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوی خاوەن بنچینەیەکی گونجاو.

سێیەم: لایەنێکی دەرەکی خاوەن هێزی باڵادەست لە ڕێکەوتنەکەدا بەشدارە و تێکەڵە، بۆیە ڕێکەوتنەکە لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا خۆیان بەتەنها نییە. بۆیە لێرەدا بەرژەوەندی دەرەکی لەناو ڕێکەوتنەکەدا هەیە.

چوارەم: ئەو ڕێکەوتنە لە دەستوریکدا گەڵاڵە کراوە، کە هێشتان مشتومڕی لەسەرە و یەکلا نەبۆتەوە، مەرج نییە لایەنە ناکۆکەکان لەسەر ئەو دەستورە تەبایی بنوێنن، لە کاتێکدا دژایەتی خاڵ و بڕگەکانی دەستور لە لایەن گروپە جیاوازەکاندا هەیە.

پێنجەم: ئەگەر ئەمەریکا و گوشاری ئەمەریکا نەمێنن، دەکرێ ئەو گروپانە لە ڕێکەوتنەکە پاشەکشە بکەن و هەر یەکەی هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بدات.

لە دەستوری ئێراقیدا دوو جۆرە بیروباوەڕ ئیسلام وەکو ئایین و ئایدۆلۆژیا، دیموکراسی وەکو ئایدۆلۆژیا هەردوولا بانگاشەی گەردوونبوونی خۆیان دەکەن و بانگاشەی ڕاستیی خۆیان دەکەن. ئەو دوو ڕێچکەیە تا ڕادەیەکی زۆر ناتەبان لەگەڵ یەکتر و ڕێگری یەکترن. هەردوولاش بە جۆرێ لە جۆرەکان قورسایی یاساییانەیان دراوەتێ. سەبارەت بە ئیسلام دەستورەکە ڕێگای یاسایی دژ بە پرەنسیپەکانی ئیسلام ڕەتدەکاتەوە، ئەوە بۆ پرەنسیپە دیموکراسیەکانیش گوتراوە. جگەلەوەی دەستورەکە ڕوونکردنەوە دەربارەی پرەنسیپ و بڕیارە جێگیرەکانی ئیسلام ناداتە دەست و پێناسەیەکی دیاریکراو لەو بارەیەوە نییە. دەکرێ ئەو پرەنسیپە جێگیرانەی ئیسلام لە لایەن هەر ڕێچکەیەکی ئیسلام بە شێوەیەک لێک بدرێتەوە و پێناسەیان بۆ بکرێت. هەرچۆنی بێت، ئەو دوو ڕێچکە ناسراوە و بوونیان لە ناو دەستوردا و پێدانی دەسەڵاتی قانونی پێیان کێشەی زۆریان دەکرێ لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەوانە لە بواری گرنگدا ناتەبایی گرنگیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

دیارە ڕاوڵس چارەڕوانی ئەوە دەکات، کۆمەڵێ تێگەیشتنی جیای ژیان لە ڕێکەوتنەکەدا هەبن، بەڵام ئەو تەنیا بیری بۆ یەک بیروباوەڕی گەردوونی دەچێت نەک دووان. ئەو پێیوایە بوونی کۆمەڵێ بیر و هزری جودا و یەک تێگەیشتنی گەردوونی (کە لای ئەو دیموکراسیە) بنچینەی ڕێکەوتنی فراوانی هۆشمەندانە دادەڕێژێت و وادەکات گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی هۆسمەندانەی فراوان بێتەدی. ئەوەی لە ڕێکەوتنەکەی ئێراقدا هاتووە دان بە بوونی یەک تێگەیشتنی گەردوونی نانێت، بۆیە بنچینەیەک کە تێگەیشتنەکی گشتگیر و هەماهەنگ دروست دەکات بوونی نییە.

ئایا ئەو دەستورە ڕێکەوتنەکی کاتیە؟ یانژی ڕێکەوتنەکی مەرجئامێزە لە لایەن لایەنەکانەوە کراوە؟ دەستورەکە وەکو دەستوری هەمیشەیی وڵات پەسند کراوە (پەسندکردنەکە گوماناویی بوو)، بۆیە ڕێکەوتنەکە کاتی نییە. بەڵام کە گەلێ خاڵی دەستور لەبەردەم هەموارکردن دایە، ئەوە پرسیار لەسەر هەمیشەیی بوونی ئەو بەڵگەنامەیەدا دادەنێت. لە ڕاستیدا دەستورەکە ڕێکەوتنێکی مەرجئامێزە و هەریەکە مەرج و هەڕەشەی خۆی هەیە. ڕێکەوتنەکە هەوڵێکە لەسەر ئەو بنچینەیە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی گوایە دیموکراسی، کە هەموو پێکهاتەکان بگرێتەخۆی، بەڵام لەهەمان کاتدا بەلاوەنان، داپۆشین و دواخستنی چارەسەرە بۆ کۆمەڵێ کێشەی گرنگ و بنچینەیی. بەمشێوەیە لایەنەکانی ڕێکەوتنەکە دەتوانن پشت لە ڕێکەوتنەکە بکەن، ئەگەر ببینن بەرژەوەندیەکانیان لەمەترسیدایە. دیارە لە پێش و دوای پەسندکردنی دەستورەکە هەڕەشە لە لایەن هەندێ لایەنەوە بە کشانەوە کراوە، ئەوە ئەگەر ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانیان نەکرێت.

بەپێی تیۆریەکەی ڕاوڵس سەقامگیریی ڕاستەقینە ناکرێ بێتەدی، ئەگەر ڕێککەوتنەکە مەرجئامێز بێت، یان ئەگەر بڕوای بتەو بە مۆراڵی ڕامیاریی دیموکراسیانە نەبێت، ئەگەر بڕوای بتەو بە ئایدیال و بەهاکانی دیموکراسی نەبێت.[4]

ئەو بنەمایانەی ڕاوڵس بۆ بوونی ڕێکەوتنێکی بەرفراوانی هۆشمەندانە لە کۆمەڵگەیەکدا بە گرنگیان دەزانێت، وەکو لە دەستورەکەدا و لە بڕیار و کردەوەکانی لایەنەکانی ناو ئێراقدا دیارە، بوونیان لەڕاستیدا نییە. بڕوای بتەو بە مۆڕالی ڕامیاریی دیموکراسیانە یان بڕواهەبوون بە ئایدیال و بەهاکانی دیموکراسی لە ناو گروپەکاندا یا هەر نییە

(ئیسلامیستەکان) یا لاوازە (کوردەکان). ڕێکەوتنەکە وەکو گوترا مەرجئامێزە و هەر کۆمەڵگەیە مەرج و هەرەشەی خۆیان هەیە.

دیارە شارەزا هەن کەوا ڕەخنەیان لە تیۆریەکەی ڕاوڵس هەیە، ڕەخنەکان زیاتر پەیوەندیان بەو لایەنانە هەیە کە ڕاوڵس گرنگی هێندە پێنەداون یا چارەسەرێکی تۆکمەی بۆیان نییە. بۆنمونە شارەزای هۆڵاندی ڤیەت بادەر Veit Bader پێیوایە ڕاوڵس شتێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەتوو یا پێنەگەیشتوو پێ نییە.[5] ئەگەر سەیری ئێراق بکەین ئەوا ڕەخنەکەی ڤیەت بادەر لەمبارەیەوە گونجاوە. دیارە ڕاوڵس گۆتن سەبارەت بە ڕێکەوتنی بەرفراوانی هۆشمەندانە دەکات و ئاماژە بە مەرجە بنچینەییەکانی دەکات، بۆیە گرنگی خۆی بۆ هەر کەیسێک بۆ بەراوردکاری هەیە. وەکو گوترا تیۆریەکەی ڕاوڵس بۆ کۆمەڵگەیەکی پێگەیەشتووی دیموکراسی گونجاوە. ئەوەی تیۆریەکەی ڕاوڵس بۆ ئێراق گونجاو دەکات، بانگاشەی ڕێکەوتنی دیموکرسیانەیە لەلایەن ئەوانەی لەگەڵ دروستکردنەوەی ئێراق دان. لە لایەکیتر سوودی تیۆریەکە ئەوەیە یارمەتیمان دەدات، لە کەموکوریەکانی ڕێکەوتنەکە باشتر بگەین.
شارەزایەکی تر ئالان بەکنەن Allan Buchanan ڕەخنە لە تیۆریەکەی ڕاوڵس دەگرێت و دەڵێت تیۆریەکەی ڕاوڵس هیچ سەبارەت بە جیابوونەوە ناڵێت و ئەوەش کەلەنێکە لە تیۆریەکەیدایە. ئەو بەگشتی ڕەخنە لە فەیلەسوفیای لیبراڵی ڕامیار دەگرێت و دەڵێت ئەو فەیلەسوفیایە تیۆری سەبارەت بە شۆڕش و یاخیبوون هەیە، بەڵام هیچی لەسەر جیابوونەوە نییە، کە لە ڕاستیدا جیابوونەوە هەن و ڕوودەدەن. ئالان دەڵیت، لە کاتێکدا گروپێک یا لایەنێکی ڕێکەوتن لە ڕێکەوتنەکە دەردەچێت، ئەوە بنچینەی تێگەیشتنی ڕێکەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و تێک دەدات.[6] بەمجۆرە ئەگەر هەموو ئەو بنچینانەی ڕاوڵس ئاماژەیان بۆ دەکات لە ڕێکەوتنی ناو کۆمەڵگەیەکدا هەشبن، بەڵام دەکرێ جیابوونەوە ڕوو بدات، بەمجۆرە هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنەکە دەبێتە ڕاستی.
بوونی ئاراستەی جیابوونەوە هەڕەشەی دەرچوونە لە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ڕوویدات، ئەوە بنچینەی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتیەکە نابووت دەبێت یا هەڵدەوەشێتەوە. بۆیە ئالان پێیوایە، ڕاوڵس سەبارەت بەو کێشەیە، شتێکی پێ نییە. ئالان بەکنەن لەو خاڵەدا باشی بۆ چووە و سەبارەت بە ئێراق و ڕیکەوتنەکە ئەو ئەگەرە کراوەیە. هەڕەشەی جیابوونەوە لە لایەن گەلی کوردەوە هەیە، بەمجۆرە ئەگەری دەرچوونی گەلی کورد لە ڕێکەوتنەکە و پاشان جیابوونەوەی لە ئێراق بوونی ڕاکشاوانە هەیە. ئەگەر ئێراق وڵاتێکی دیموکراسیش بایە و هەموو داواکانی ڕێکەوتنی بەرفراوانی هۆشمەندانەی تێدابووایە، ئەگەری جیابوونەوەی کورد دیسان هەر کراوە دەبوو، چونکە گەلی کورد مەبەستیەتی سەربەخۆیی تەواوی خۆی بەدەست بێنێت، ئەوەش خەونی دێرینەی ئەو گەلەیە.

بەکورتی دەستوری ئێراق جۆرە "ڕێکەوتنەکە" لەسەر کۆمەڵی خاڵی گرنگی کێشەلەسەر، هەموو کێشەکان یا دەکرێ بڵێین زۆربەی کێشەکان ڕیکەوتنی گونجاویان لەسەر نەکراوە و ڕێکەوتنەکان بتەو و سەقامگیر نین. هەندێ لە کێشە گرنگەکان تووشی گرێکۆرە هاتوون و دەستور لە ئاستیاندا لاوازە. بنچینەکانی ڕێکەوتنی بەرفراوان لە ڕێکەوتنەکەدا بوونیان نییە. لە لایەکیتر بەبوونی گوشاری ئەمەریکا ئەو ڕێکەوتنە کراوە، بۆیە بێ بوونی ئەمەریکا, ئەگەری لەباریەکچوونی ڕێکەوتنەکە هەیە.
بەرزبوونەوەی ئاژاوە و ئاستی کوشتار لەسەر بنچینەی وابەستەیی مەزهەب و نەتەوە، دوورکەوتنەوەی گروپەکان لەیەکتر و بەرزبوونەوەی ئاستی بێ بڕوایی لە نێوانیاندا، بەکورتی ڕەوشی کارەساتئامێزی ئێراق کە پەنجە بۆ قووڵیی دەرزی نێوان گروپەکان ڕادەکێشێت، هەمووی ئاماژە بە نەبوونی بنەمایەکی ئارەزوومەندانە لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسیانە بۆ ڕیکەوتنەکە دەکەن، ئاماژە بە بوونی بەرژەوەند و ئاواتی دژ بەیەک دەکەن، ئاماژە بە نەبوونی گەلێک بەناوی گەلی ئێراق دەکەن.

---

[1] دۆکترین: واتە تێگەیشتن و بڕوای پرۆگرامکراو کە بنچینە بۆ کار و هەنگاو و هەڵسوکەت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دادڕێژێت. بۆنمونە ئایین یا ئایدۆلۆژیا.

[2] Rawls, John (1999), “The Idea of Public Reason Revisited”, in John Rawls, Collected Papers, ed. Samuel Freeman, Cambridge, Mass: Harvard University Press, pp. 608.

[3] Rawls 1999: pp. 573.
[4] Rawls 1999: pp. 588.

[5] Bader, Veit (1999), "Religion Pluralism. Secularism or Priority for Democracy", *Political Theory*, Vol. 27, No. 5, pp. 599.
[6] Buchanan, Allen (1991), *Secession. The Morality of Political Divorce from Fort Sumter to Lithuania and Quebec.* Westview Press, Oxford. pp. 1-25.